www.kurdistannet.org

16-10-2006 8:36 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## راگەیاندنی رێکخراوی کوردستان سەبارەت بە: دەستوری پیشنیارکراوی "هەرێمی کوردستان"

چەند رۆژ لەمەوبەر "پەرلەمانی کوردستان" رەشنوسی دەستوری "هەرێمی کوردستان" ی، خستە بەردەم رای گشتی و لایەنەکان بۆ گفتوگۆ و را دەربرینی پیشوەخت لەسەر مادەو برگەکانی تا دوای تیپەراندنی ئەم پرۆسەیە لەریفراندۆمیکدا بخرێتە بەردەم خەڵکی کوردستان بۆ دەنگدان لەسەری. ریکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لەروانگەی ماف وئازادییەکانی خەلکی کوردستان و سیستەمیکی سیاسی کەبتوانی ئایندەیەکی شیاوی ئینسانی بۆ هەموو دانیشتوانی کوردستان دابین بکات، لەم راگەیاندنەدا هەلویستی خۆی لەسەر ئەم رەشنووسە رادەگەیەنی و کۆمەلانی خەلك لەناوەرۆکەکەی ئاگادار دەکاتەوە.

- ئەم دەستوورە بەرئەنجامی خەباتی خەلکی کوردستان وبەدەخالەتی نوینەرانی ئەوان نەنوسراوە، بەلکو بەرهەمی بارودۆخەکانی دوای شەرو داگیرکاری ئەمریکا وسازدانەوەی دەولەت و داسەپاندنی دەستوری عیراقە بەسەر خەلکی عیراق و کوردستاندا. لەئاستیکی دیاریکراودا رەشنوسی دەستوری پشنیارکراوی هەریم هەمان دەستوری کۆنەپەرستانەی عیراق چاودیرە بەسەریدا وهاوکات نمونەی وەرگیردراوی ئەوە، کەخەلکی کوردستان بەزۆرینە دەنگیان پینەدا ورەتیانکردەوە. دەستوریك کەلەسەر بناغەی تەقسیماتی قەومی وئاینی پیناسەکراوە و بەم هۆیەشەوە خەلکی عیراق بەکوردستانیشەوە دەخاتە ژیر سایەی نیزام و دەسەلاتیکی کۆنەپەرستانەوە، کە ئیستبداد و سەرکوتگەری وژیر پینانی ئیرادەی خەلك ومافو ئازادییە سیاسی و کۆمەلایەتییەکان یەکیك لەخاسیتە جیانەکراوەکانیتی.
- دەستوری پیشنیاری ئیستا بۆهەریمی کوردستان ئەلقەیەکی تەواوکاری جیگیرکردنی دەسەلاتی قەومی و ئیسلامییە لە عیراقدا و لەقالبدانی ژیانی ئیستای وداهاتووی خەلکی کوردستانیشە بەپیی فیدرالیزمیکی قەومی کەتیدا قازانج وبەرژەوەندی یەکیتی وپارتی وەك دوحیزبی دەسەلاتدار، لەسەر حسابی بەرژەوەندی خەلکی کوردستان جیگیردەکات. بەم هۆیەشەوە ئەم دەستوورە ماف وئازادی خەلکی کوردستان بۆ جیابوونەوە و پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆ دەخاتە ژیر پیوە و پرۆسەی ئیلحاقی کوردستان بەدەولەتی مەرکەزییەوە و بەبی را لەسەر بوونی خەلکی کوردستان بەناوی فیدرالیزمەوە جیگیر دەکاو، بەشیوەیەکی قانونی ودەستوری دەیخاتە ژیر سایەی حوکم ودەسەلاتی فاشیزمی عەرەبی و ئیسلامییەوە. ئەنجامیکی ئاواش بەکردەوە گیرانەوەی ستەمی نەتەوایەتی و تاوانەکانییەتی بۆ سەر خەلکی کوردستان.
- دەستوری پیشنیاری بۆ هەریمی کوردستان بەهەمان شیوەی دەستوری عیراق لەسەر بناغەی هەویەتی قەومی و ئاینی پیناسەی ماف وئازادییە فەردی ومەدەنییەکان دەکا و بەیەکجاری مافی هاولاتیانی یەکسان بۆهەموو دانیشتوانی کوردستان دەسریتەوە و هەلاواردنی ئاشکرا لەنیوان کورد و ئاشور و تورکمان و عەرب و هەموو ئەوانەی بەزمانی غەیرە کورد قسەدەکەن پیکدینی وهەروەها رەقەبەری ئاینی لەنیوان ئاینی ئیسلام وئەوانی تردا دەخولقینی، بەم هۆیەشەوە ژیانی ئیستا و داهاتووی خەلکی کوردستان لەسەر بورکانی شەرو دەعوای قەومی وئاینی رادەگری.
- ئەم دەستورە ژیان وگوزەرانی دانیشتوانی کوردستان بەقازانجی سیستەمی ئابووری بازار و بەرژەوەندی یەکلایەنەی سەرمایەداران و کاربەدەستانو دەولەت ریکدەخاو راستەوخۆ ژیانی زۆرینەی کۆمەلانی خەلکی کریکار وهەژاری کوردستان لەبیمە کۆمەلایەتییەکان و هەموو ئەوخزمەتگوزارییانەی کەدەبی دەولەت وەك لانی کەمی ژیان بیگریتە ئەستۆ بیبەشدەکات.

- ئەم دەستورە پیشنیارییە لەوشوینانەی برگەو مادەکانی ئامـاژەن بۆ مەسەلەی ماف وئازادییە فەردی ومەدەنییەکان ویەکسانی هاولاتیان.. بەتەوای لەفزی و بیناوەرۆك و تەمومژاوییە، و هەموو ئەم مافانە هەوالەی "ئەگەری یاسا" دەکا کەدارشتنەوەی راستەوخۆ لەئیختیاری ئەحزابی دەسەلاتدارداية. هاوکات مادامەکی ئەم دەستوورە، دەولەت ونیزامیکی سیاسی پیناسەکراو لەسەر بناغەی هەویەتی قەومی وئیسلامی بۆ ریکخستنی پەوەندییەکانی تاك و ئازادییەکانیان پیشنیاردەکات هینانی هەرجۆرە مادەوبرگەیەك لەبارەی ئازادی ویەکسانی هاولاتیانەوە هەولیکی فریودەرانەیەو راستەوخۆ بەهەرەمەندبوونی جەماوەری خەلك لەئازادییەکانیان بیبەشدەکات.
- رەشنوسی دەستوری هەریم بەهەمان شیوەی دەستوری عیراق دەخالەتی دین لەدەولەت وبوارەکانی پەرەوەردەوفیرکردن رادەگری وئیسلام وشەریعەتی ئیسلامی کردۆتە سەرچاوەی یاسادانان وبریاردان لەسەر ماف وئازادییە فەردی ومەدەنییەکان وبەتایبەتیش ئازادی ویەکسانی لەنیوەی کۆمەلگا کەژنانن دەسینیتەوە و ئەسیرو کۆیلەی قانونی ئیسلامیان دەکات.

لەسەر بناغانەی ئەم خالانەی سەرەوە ئیمە ئەم دەستوورە لەگشتییەتی خۆیدا ئەگەر بەم شێوەیەی ئێستای بمێنێتەوە، رەت دەکەینەوە وتەواو بەپیچەوانەی چاوەروانی و بەرژەوەندییەکانی خەلکی کوردستان و نیزامیکی سیاسی ئازاد وخۆشگوزەران کەشایستەی ژیانی ئیستاو داهاتوی ئەوان بیت دەیناسینین. خەلکی کوردستان خوازیاری جیابوونەوەی دەستبەجی کوردستان و دامەزراندنی دەولەتیکی سەربەخۆی عەلمانی، نەقەومی ونەئاینین، دەولەتیك کەلەسەر ئیردەو دەخالەتی راستەوخۆی خەلك وسەلماندنی مافی هاولاتی بوونی یەکسان بۆ هەموو دانیشتوانی کوردستان دامەزرابی وئەوپەری ماف وئازادییەکان لە نیزامیکی پیشکەوتووی کۆمەلایەتدا جیگیرکردبیت. هەر دەستورو نیزامیك کەدەکەویتە بەرامبەر ئەم ئامانجانەوە، ناتوانی جیگای رەزامەندی ئیمە و کۆمەلانی خەلك بی و دەبی بەتەواوی تواناوە رەتبکریتەوە.

دەبی خەلکی کوردستان و ریکخراوەکانی لاوان وژنان و هەموو ئەوکەسانەی دلیان بۆئازادی و سەربەخۆیی لیدەدات، بەتەواوی تواناوە بۆ رەتکردنەوەی دەستوری لەم چەشنە بینە مەیدانەوە وەو لەکیشمەکیشیکی سیاسی دا تیبکۆشن تا ئایندەو نیزمی دلخوازی خۆیان لەدەستوریکدا بریاربدەن. حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لەریزی پیشەوەی ئەم خەباتەدا بەتەواوی تواناوە راوەستاوە.

حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق
ریکخراوی کوردستان
2006/10/14